میژووی تەسەوف لە کوردستان

بەڕێز عەباس
(کەلار)

"میژووی تەسەوف لە کوردستان" کتێبێکی گرنگی میژوویی فیکری عەقیدەییە"محەمەد ڕەئووف تەوەککولی"یە بە زمانی فارسی نووسیویەتی و سێ جاریش بەو زمانە چاپ کراوە، لەلایەن "یووسف زاهیر هەورامی" وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، ساڵی ٢٠١٥ لەلایەن دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات لە هەولێر بە قەبارەی ٣٤٢ لاپەڕە بڵاوکراوەتەوە، نووسەر بۆ نووسینی کتێبەکەی، سوودی لە ٦٤ سەرچاوەی جیاواز و ناسراو و گرنگ بینیوە بە زمانی کوردی و فارسی و عەرەبی، بەشی یەکەمی کتێبەکە بۆ باسکردن لە ئایین و بیروباوەڕی کۆنی کورد تەرخان کراوە، ئامازە بەوە کراوە بەوەی لە سەردەمە کۆنەکاندا، کورد دیاردە سروشتییەکانی وەک خۆر و مانگ و زەوی و ئاسمان و باو...تاد دەپەرست، تا سەردەمی هاتنی زەردەشت و زۆربەی کورد دەبن بە زەردەشتی، بەشێکی تری کوردەکان لەسەر ئایینی مەسیحی و مانی بوون، تا هاتنی ئیسلام، لەوە بە دواوە ئیتر زۆربەی کوردان لەسەر ئەم ئاییننەن، بەشێکی تریان سەر بە ئاینی ئێزدی و کاکەیی، یان ئەهلی حەق بوون و ئێستاش پەیڕەوکارانیان هەن لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان و مومارەسەی ژیانی ئاینی و عەقیدەی خۆیان دەکەن، هەر لەو بەشەدا کورتەیەک لە بیروباوەڕ و میژووی هەر یەک لەو ئاییننانە ڕوون کراوەتەوە، وەک ناویان و کتێبەکانیان و ڕێورەسمی ئاییننیان و چۆنێتی پراکتیزەکردنیان لەگەڵ خوو و ڕەوشت و دابونەریتیان، هەروەها بەباشی گرنگترین ئەو ناوچانەی کە لێی نیشتەجێن، ڕوون کراوەتەوە و بۆچوونە جیاوازەکان لەسەر هەریەک لەو ئاییننانە ئامازەی بۆ کراوە.

ئەوەی گرنگە ئێمە لەسەری بوەستین و قسەی لەسەر بکەین، بابەتی تەسەوفە کە مەبەستی کتێبەکەشە، لێکۆڵەر لە کتێبەکەیدا پێناسەی تەسەوف دەکات و دەنووسێت "تەسەوف ڕەوتێکی فیکری و عەقیدەییە، هاوڕا لەگەڵ کۆمەڵێ ئاداب و ڕسوومداتدا کە لە

کۆمەڵگای ئیسلامدا کەم تا زۆر لایەنگری هەیە و بە شێوەیەکی بەرچاو و حاشا هەڵنەگر دەرکەوتووە، بە درێژایی مێژووش هاوکات بووە لەگەڵ پێکدادان و ڕەخنەی ڕووخێنەری دوژمنانی و کەسانی باش و هاوڕا لەگەڵ ئەهلی تەریقەت، لەتەسەوفدا سۆفی خۆی بە خواپەرستی ڕاستەقینەی خزمەتی ئیسلام و مرۆڤایەتی دەزانێ و باوەڕیان وایە کە موسڵمانان و باوەڕداران لەم ڕێگەیەوە بە ئاسانی دەگەنە ڕاستی و حەقیقەتی ئایین، لەلایەکی تردە هەندێ لە زانا و شەرعزانەکان تەسەوف بەتازەگەری (بیدعە)و زیانبەخش دەزانن و بەتێنەگەیشتوو لە بنەما ڕەسەنەکانی ئایین لە قەڵەمی دەدەن، کۆمەڵێکی تر لە دیدی سیاسی و کۆمەڵایەتی سەیری دەکەن و دەڵێن جۆرێک لە سستی و گۆشەگیری و خۆدزینەوە لە ئەرک و فەرمان، ئەمەش هۆیەکە لە هۆیەکانی دواکەوتوویی، هەندێکی تر بەپێچەوانەوە سەیری دەکەن و دەڵێن تەسەوف بنیادنەری جۆرێک لە بەرهەڵستییە لە دژی فیودالیزم و کەسانی زۆردار، ئەمەش بە جۆرێک لە چالاکی کۆمەڵایەتی دادەنرێ بەئاراستەی باشتربوونی، لەبەرئەوەی هەندێ لەڕابەرانی سۆفییەکان بەهۆی زوڵم و زۆر و ستەمی دەستەڵاتدارانەوە لە دژیان وەستاونەتەوە و زیندانیش کراون و دووریش خراونەتەوە، تەنانەت لەو پێناوەشدا گیانی خۆیان لە دەست داوە" لەنێوان مێژوونووسان و توێژەران، بیروبۆچوونی جیاواز دەربارەی چەمک و زاراوەی تەسەوف هەیە، هەندێک پێیان وایە" تەسەوف لە چاوگی صوف (خوری)ـەیەوە وەرگیراوە، واتە بەوانە وتراوە کە جلوبەرگی لە خوری دروستکراویان لەبەر کردووە، یان دەڵێن لەناوی گرووپێکەوە وەرگیراوە کە لەسەردەمی پێغەمبەری خودا(د.خ) بە ئەهلی (صفە) ناسرابوون و لەناو مزگەوتەکەیدا خەریکی خواپەرستی بوون و لەسەر هەیوانی، یان لە حەوشەی مزگەوتەکەدا دادەنیشتن، یان بە بەردەوامی لەڕیزی پێشەوەی نوێژخوێنان بوون، هەندێکی تر دەیبەنەوە سەر(بەنی صوفیە) کە هۆزێکی دەشتەکی (بەدەوی) بوون، یان هەندێک باوەڕیان وایە وشەی تەسەوف لە (صوفانە)ـەوە هاتووە کە گژوگیایەکی ناسکە، بەشێکی تری لێکۆڵەران پێیان وایە لە (صوفە القفا)ـەوە هاتووە، واتە ئەو مووانەی کە لە کۆتایی پشتی سەرەوە (پشتە مل) دەردێن، یان دەڵێن واژەی تەسەوف لە (سۆفی) دروست کراوە، کە لە (صافی) وەرگیراوە، لەبنەڕەتدا (صفا) بووە" نووسەر پێی وایە لەسەردەمی (صحابە) و (تابعین) ئەم وشەیە نەبووەو بەکارهێنانی بۆ دوای سەدەی دووەمی کۆچی دەگەڕێتەوە "سەبارەت بەوەی کە ئایا تەسەوف لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە، بیروبۆچوونێکی زۆر لەو بارەیەوە هەیە کە هەریەکەشیان بەڵگەو بۆچوونی جیاوازیان هێناوەتەوە، مێژوونووسان و توێژەرانی ئیسلامی و ئەوروپایی هەریەکەیان و بۆچوونێکیان هەیە.

۱-هەندێ لە توێژەران بە هۆی بوونی جۆرێک لەسەرگەرمی و ئارامی دەروونی لە زۆربەی بوارەکانی نێوان تەسەوفی ئیسلامی و هەندێ لە گرووپی هیندی، تەسەوف بەبەشێک لە ئەفکاری هیندی دەزانن.

۲-هەندێکی تر باوەڕیان وایە کە تەسەوف تێکەڵەیەکە لە بیروبۆچوونی فەلسەفی، بەتایبەتی فەلسەفەی نوێی ئەفلاتوونی و پێداگری لەوەش دەکەن کە لەنێوان تەسەوف و فەلسەفەی ڕۆژهەلاتیدا هاوچوونییەک هەیە، دەڵێن مێژوو دیارخەری ئەوەیە کە فەلسەفەی یۆنانی پێش ئیسلام و دوای ئیسلام لە ناوچەکانی ڕۆژئاوای ئاسیادا بڵاوبووەتەوە، لەلایەکی ترەوە دەبێ ئاماژەش بەوە بکەین کە فەلسەفەی نوێی ئەفلاتوونی بەشێکی زۆری بیروباوەڕەکانی لە ڕۆژهەلات وەرگرتووە و ئەفلاتوون کاتی خۆی بۆ وەرگرتنی زانیاری لەسەر ڕاوبۆچوونی ڕۆژهەلاتیان هاتووەتە ئەوێ.

۳-هەندێکی تری لێکۆڵەران تەسەوف دەبەنەوە سەر مەسیحیەت و ڕەهبانی.

٤-هەندێکی تر پێیانوایە سەرچاوەی تەسەوف، بیروباوەڕی ئایینی (بودائی)یە.

هەروەها بەپێچەوانەی ئەو بۆچوونانەی سەرەوە توێژەرانی بواری تەسەوف پێیان وایە ئەم وشەیە لە دەرەوە نەهاتووە و تا بە ئیسلامەوە لکێنرابێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە بە وشەیەکی ڕەسەنی ئیسلامی دادەنێن کە لە ئیسلامەوە سەرچاوەی گرتووە،

ڕۆژهەڵاتناس و تەسەوفناسی بەناوبانگی فەرەنسی(لویس ماسینون) ئەو بیروبۆچوونانەی کە باس لە پەیدابوونی تەسەوف دەکەن لە دەرەوەی جیهانی ئیسلامی، بەناڕاست لەقەڵەمیان دەدات، پێشی وایە کاریگەری عیرفانی مەسیحی ڕۆژهەڵات و دواتریش فەلسەفەی نوێی ئەفلاتوونی لەسەر تەسەوف بەڕێژەیەکی زۆر کەمە، چونکە تەسەوف لەچوارچێوەی زانستی ئیسلامیدا پەیدابووە، لە مێژوودا لەناو دنیای ئیسلامی خۆیدا تەسەوف زۆرترین قسەوباس و کێشمەکێشی لەسەرە،" لەسەدەی سێیەمی کۆچی بەدواوە لەلایەن گرووپێک لە فەقێ و زانا ئیسلامییەکانەوە دژایەتییەکی زۆری ئەهلی تەسەوف کراوە، بەڵگەی دژایەتییان ئەوە بوو کە بە (بیدعە) تازەگەری لە ئایینی دەزانن، بەڵام لەهەمان کاتدا کۆمەڵێکی تر هەبوون هەوڵیان داوە کە تەسەوف وەک هۆکارێک بۆ خزمەتی شەریعەتی ئیسلامی و ڕێگایەکی ئاسانتر بۆ ناسینی ڕێگای ڕاستی خوایی بیناسێنن، تا ئێستاش ئەم ناچوون یەکی و دژایەتییە هەر بەردەوامە" "پوختەی ڕێبازی تەسەوف بریتییە لەدابڕان و وازهێنان لە حەزە خراپەکان(شەهوانی) و تەزکیەکردنی نەفس و پاککردنەوەی لەخووە خراپەکان، واتە پاراستنی گەورەیی نەفس، خۆ یەکلایی کردنەوە بەلای خوادا و دوورەپەریزی لە غەیری خوا" "تەسەوف گروپ و کۆمەڵەی جۆراوجۆری هەیە، بەڵام تەنیا دوو کۆمەڵە لەوانە واتە(قادری و نەقشبەندی) لە کوردستان پەیڕەوکاری زۆریان هەیە و تا ئێستاش لەبرەودان، (هجویری) کە لەناوەڕاستی سەدەی پێنجەمی کۆچی کتێبی (کشف المحجوب)ی نووسیوە، بەشێکی تایبەت کردووە بەگرووپە جیاوازەکانی سۆفی و لەو نێوەندەدا ناوی ژمارەیەکی زۆری گرووپی سۆفی و تەسەوفی هێناوەتەوە کە بەناوی ڕابەرەکانیان ناسراون وەک (محاسبیە، قصاریە، سەیفوریە، نوریە، سەهیلیە، حەکیمیە، خەرازیە، خەفیفیە، سەیاریە، ڕەفاعیە، سەهرەوەردیە، شازەلیە، کبرویە...تاد).

تەریقەتی قادری، کە دانەر و ڕابەرەکەی (شێخ عەبدولقادری گەیلانی)یە ساڵی ٤٧٠، یان هەندێکی تر دەڵێن ساڵی ٤٧١ک لە ناوچەی گەیلانی ئێران لەدایک بووە، ئەم پیاوە فەتوادەری کێشە کۆمەڵایەتی و ئایینییەکان بووە، تا گەیشتبووە ئەو ئاستەی کە وەزیر و خەلیفە و کاربەدەستانی ولاتی سەردەمی خۆی لە کاروبارەکانیان پرسیاریان پێ کردووە و بۆچوونیان بە گرنگ وەرگرتووە، گەیلانی کۆمەڵێک بەرهەم و کتێبی لەبواری ئامۆژگاری و وتاردانداە هەیە لەدوای خۆی بەجێ هێشتووە و پەیڕەوکاران و لایەنگرانی لەسەری ڕۆیشتوون، گرنگترینیان ئەمانە (الغنية لطالب طريق الحق، الفتح الرباني، فتوح الغيب، حزب بشائر الخيرات، جلال الزاهر، المواهب الرحمانية والفتوح الربانية، يواقيت الحكم، الفيوضات الربانية)، گەیلانی لەیەکێک لەو نامانەی کە بۆ کوڕەکەی خۆی نووسیوە دەیەوێت ئامۆژگاری بکات، لەو نامەیەدا بنەماکانی تەسەوف ڕوون دەکاتاتەوە و لەبەشێکیدا دەڵێت: وابزانە ڕۆڵەکەم کە خوا من و تۆ و هەموو موسڵمانان سەرکەوتوو دەکات، کاتێک کە تەسەوف لەسەر هەشت بنەما و خەسڵەت بنیادنرابێت، یەکەم: بەخشندەیی، دووەم: ڕازیبوون بەبەشی خوا، سێیەم: ئارامگری، چوارەم: ڕاوێژکردن، پێنجەم: نامۆبوون، شەشەم: لەبەرکردنی جلوبەرگی لەخوری دروستکراو، حەوتەم: جیهانگەڕی، هەشتەم: خۆبەکەمزانین، بەخشندەیی سیفەتی پێغەمبەر ئیبراهیمە، ڕازیبوون لە سیفەتی پێغەمبەر ئیسحاقە، ئارامگری سیفەتی پێغەمبەر ئەیووبە، ڕاوێژکردن لە سیفەتی پێغەمبەر زەکەریایە، پۆشینی جلوبەرگی خوری سیفەتی پێغەمبەر یەحیایە، جیهانگەڕیش لە سیفەتی پێغەمبەر عیسایە، فەقیر و خۆبەکەمزانین لە سیفەتی پێغەمبەر محەمەدە و نامۆبوون لە سیفەتی پێغەمبەر یووسفە.

یەکەم ڕێبازی تەریقەت کە لە کوردستان بڵاو بووبێتەوە (نووربەخشی) بووە، لەلایەن پیاوێکەوە بەناوی(سەید محەمەد نووربەخش) کە دەکاتە برای(شێخ عیسا)و(شێخ موسا) بەرزنجی، سەید محەمەد و براکانی لەساڵی ٨٦٠ھ.ق لە سەردەمی باوکیان(بابا عەلی هەمەدانی) هاتوونەتە بەرزنجە، ئەم تەریقەتە لەنێو سەیدەکانی بەرزنجە بەوی پەیداکردووە و دواتر هەموو

ناوچەکانی کوردستانی گرتەوە، دواتر شێخ مارفی نۆدێ و نەوەکانی ڕۆڵێکی گرنگ و بایەخداریان لەگەشەکردن و بڵاوکردنەوەی تەریقەتی قادری لەناوچە جیاجیاکانی کوردستان هەبووە، بەتایبەتی ناوچەی سلێمانی و دەوروبەری، تەنانەت تەریقەتی قادری لە چوارچێوە کۆمەڵایەتی و ئایینییەکەی خۆی نەماوەتەوە و ڕۆڵی سیاسی خۆشی لەسەردەمە جیاجیاکانی مێژووی کورددا بینیوە، نووسەر باسی ئەو پێوەندییە سیاسییانەمان بۆ دەکات کە کاک ئەحمەدی شێخ و شێخ سەعیدی نەوەی شێخ مارفی نۆدێ دروستیان کردووە لەگەڵ ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و چەندان نامە و سەردانی جیاجیایان بۆ لای سوڵتانی عوسمانی هەبووە و سوڵتانی عوسمانیش ڕێزی تایبەتی لێ گرتوون بە هۆی بوونی ئەو پێگە تەریقەتی و کۆمەڵایەتییانەی کە هەیانبووە، هەروەها لە سەر باسی بنەماڵەی شێخ مارفی نۆدێ ئاماژە بە شێخ مەحمودی مەلیک دەکات و دەیەوێت نموونەیەکی سیاسی و هەڵوێستێکی گرنگ لە مێژووی تەریقەتی قادریان بۆ بگێڕێتەوە کە چەندە کاریگەرییان لە مێژووی کورددا هەبووە و باس لەوەدەکات"کاتێک لە ساڵی ١٩٢١م شێخ مەحمود بۆ هیندستان دوورخرابووەوە لەهەموو شوێنێکدا دەروێشەکانی لە ڕێگەی نمایشی مەزهەبی داوای گەڕانەوەی ئەویان دەکرد و سەرپێچی فەرمانی ئینگلیزەکانیان دەکرد، ئەو دەستە و کۆمەڵانەی کە دەچوونە شاری سلێمانی و دەگەڕانەوە باسیان لەوە کردووە کە لە هەموو شوێنێکدا دەنگی دەف و تەپڵ بەرگوێ دەکەوێ و نمایشی یاری دەکەن بە ئاگر و بەردخواردن و تیربازی ئەنجام دەدرێ، ئینگلیزەکانیش لەم بارودۆخە بێ تاقەت بوون، بەتایبەتی لەو کاتانەی کە دەیانبینی دەروێشەکان ماریان لەگەردنی خۆیان دەئاڵاند.

بنەماڵەیەکی تری بەناوبانگی کوردستان کە سەر بە تەریقەتی قادری بوون، ڕۆڵی سیاسییان لە مێژووی جوولانەوەی بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کورددا بینیوە، بنەماڵەی شەمزینییە کە بە (ساداتەکانی نەهریە) لە باکووری کوردستان ناسراون، کە سەرجەلەی تەریقەتیان دەچێتەوە سەر شێخ عەبدولقادری گەیلانی، ناودارترینی شێخی شەمزینی (شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری)یە، کە لە ساڵی ١٨٨٠م لە دژی دەسەڵاتی ستەمگەری ئەو کاتەی عوسمانی و قاجاری ئێرانی شۆڕشێکی بەرپاکرد ، جگە لەوە لە ناوچە و شارە جیاوازەکانی باشووری کوردستان و ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش بەڕێژەی جیاواز لایەنگرانی تەریقەتی قادری هەن و مومارەسەی ڕێوڕەسمی تەریقایەتی خۆیان دەکەن.

دەروێش بوون لە تەریقەتی، لەخۆڕا ئاسان نییە و ڕێوڕەسمی خۆی هەیە، بۆ ئەوەی ببیت بە دەروێش لە تەریقەتی قادری کۆمەڵێک مەرجی هەیەو دەبێت ئەو مەرجانەت تێدابێت لەوانە:

١- دەبێت لەگەڵ خەڵکیدا دۆستانە هەڵسوکەوت بکات.

٢-دڕێژکردنەوەی قژ.

٣-گەڕاندنەوەی (قەزا)ی نوێژی فەوتاو و ڕۆژووی لەدەستچوو، ئەو زەکاتانەش کە نەدراون.

٤-بۆ بەیعەتدان، هەشتا هەزار زیکری(لا اله الا الله) پێوبستە، هەروەها سێ ڕۆژ بەڕۆژوو بوون.

٥-لەدوای ئەنجامدانی هەر نوێژێک، وتنی سەد جار زیکری(استغفرالله) پێوبستە.

٦-لەڕۆژانی هەینیدا سەد هەزار جار و لەڕۆژانی تردا پێوبستە سێ سەد هەزار جار سەڵاوات بۆ محەمەد (د.خ) بنێرێ.

٧-لەمزگەوت و تەکیەو لەماڵ، یان لەهەر شوێنێک، یان گوندێک، هەرکاتێک ژمارەی دەروێشان گەیشتنە دە کەس شەوانی سێ شەمە و هەینی دوای نوێژی خەوتنان دەست دەکرێ بەزیندانیکردن.

٨-نوێژ و ڕۆژوویەک باش ئەنجام نەدرابێت، یان قەرزاربێت، بەنوێژ و ڕۆژووی باش و تەواو پڕدەکرێتەوە.

لەدوای وەرگرتنی بەیعەت، ئەگەر موراید بیەوێ ڕێگەپێدراوە کە چەند کارێکی (خارق العادات) ئەنجام بدات، وەک یاریکردن بەئاگر و تیغ لەخۆدان و چەند کارێکی تر، هەرکاتێک دەروێش مەیلی دنیایی و دنیاپەرستی کەم بووەوە، نازناوی(دێوانە)ی پێ دەدرێت، ڕمبازی و یاریکردن بەئاگر و خواردنی شووشە و چەند کارێکی تری (خارق العادات)، تایبەتە بەدەروێشانی قادری، سۆفی (پیرو تەریقەتی نەقشبەندی) کەمتر ئەم

جۆرە کارانە دەکەن، ژنانیش دەتوانن ببنە سۆفی، یان دەرویش.

تەریقەتی نەقشبەندی ڕابەر و دامەزرێنەری تەریقەتی نەقشبەندی، شێخ بەهائەددین محەمەد نەقشبەندی محەمەدی کوڕی محەمەد بوخارایە، شارەزاییەکی زۆری لە علومی ئیسلامی هەبووە، هەروەها پلە و مەقامێکی گەورەی لە ئایین هەبووە و بە پێشەوایەکی ڕوحانی دەژمێردرێ، ساڵی ٧١٧ک لە گوندێکی هەڵکەوتوو لە دووریی یەک فەرسەخ لەشاری بوخارا لەدایک بووە، پێشتر ناوی گوندەکە(کوشک هندوان)بوو، بەڵام دواتر گۆڕا بۆ (کۆشکی عارفین- قصر العارفین)، ساڵی ٧٩١ک کۆچی دوایی کردووە و ئارامگاکەی دەکەوێتە گوندی (باوەدین) نزیک شاری بوخارا، بڵاوبوونەوە و تەشەنەکردنی تەریقەتی نەقشبەندی لەکوردستان لەلایەن (مەولانا خالیدی شارەزووری)یەوە بووە کە تەریقەتەکەی لە ئێراق و ئێران و تورکیاو سووریا بڵاوکردووەتەوە، لەتیرەی میکائیلییە سەر بەعەشیرەتی جاف، هەندێک پێیان وایە ساڵی ١١٩٣ه.ق و هەندێکی تر دەڵێن ١١٩٧ه.ق لە ناوچەی قەرەداغ لەدایک بووە.

نووسەر لەکتێبەکەیدا باسی سەفەرەکەی مەولانا خالیدی نەقشبەندی بۆ هیندستان دەکات، هەروەها چۆنێتی وەرگرتنی تەریقەتی نەقشبەندی و خوێندنی لەوێ، ئاماژەش بەوە دەکات دوای هاتنەوەی لەهیندستان و نیشتەجێبوونی لەشاری سلێمانی و لەناوچەی ژێر دەسەڵاتی میرنشینی بابان مەولانا خالید تووشی ململانێ و ڕووبەڕووبوونەوە دێت لەگەڵ شێخ مارفی نۆدێ و تەریقەتی قادری، کە دواتر دەری دەکەن و بەناچار زێدی خۆی و ناوچەی سلێمانی و میرنشینی بابان بەجێ دەهێڵێت و دەڕوات بۆ بەغدا و دواتریش بۆ شام و لەوێ بەیەکجاری دەگیرسێتەوە، تەریقەتی نەقشبەندیش وەک تەریقەتی قادری لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستان لایەنگران و شوێنکەوتووانی خۆیان هەیە، ئاداب و دابونەریتی خۆیان هەیە و چەند تایبەتمەندییەکیان هەیە کە لە تەریقەتی قادری جیایان دەکاتەوە، لەوانە، نەتاشینی ڕیش کە یەکێکە لە خاڵە دیارەکانی پەیوەست بوونی سۆفی بە تەریقەتی نەقشبەندی، بەڵام مووی گۆناکان لادەبەن و لەگەڵ مووی ژێر چەناگە کە بەشێوەیەکی قەڵەمی دەردەکەوێ، بەڵام تاشینی مووی سەر، واتە سەرتاشین هیچ ڕێگرییەک نییە، سۆفی دەبێ زۆر ڕێز لە مورشیدەکەی بگرێ تا ئەوپەڕی توانایی دەبێ دەستی لەسەر سنگی بێ تا ئەو کاتەی ئیجازەی دانیشتنی پێ دەدرێ، یەکێکی تر لە ئادابەکانی نەقشبەندی ئەوەیە زیکری ئەوان بە شێوەی بێ دەنگ(خفی) بەبێ هاتوهاوار دەبێت، دیاری بردن بۆ شێخ وەک پارە و کەلوپەل کارێکی ئاساییە، چونکە خەرجی خانەقا و نان و خواردنی موریدان و میوانان لە هەمان دیاری پارە و کەلوپەلەوە دەستەبەر دەکرێ، لەکاتی گرفتاری و ناڕەحەتیدا وەک نەخۆشی، سۆفی داوای یارمەتی لە ڕوحی پیرانی تەریقەت، یان مورشیدی ئەو سەردەمە دەکات، هەر شتێکی بەجێماوی شێخ، یان پیرانی تەریقەت دوای کۆچی دواییان وەک تەسبیح، خواردن، یان پارچەیەک، یان هەر شتێکی تر زۆر بەپیرۆزی دادەنێن، سۆفی هەوڵ دەدات بەلانی کەم ساڵی جارێک سەردانی شێخ بکات و بۆناولێنانی منداڵیان زیاتر قسەی شێخ وەردەگرن، سۆفی ژن بازووی شێخ ماچ دەکات، بۆ ئەوەی پێستی بەرپێستی نەکەوێ، نووسەر چەند لاپەڕەیەک لەکۆتایی کتێبەکەی بۆ باسکردن لە بزوتنەوەی (هەقە) تەرخان کردووە کە سەر بەتەریقەتی نەقشبەندی بوون و ڕۆڵی سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆیان هەبووە، دەرکەوتنیان بۆ نیوەی یەکەمی سەدەی بیست دەگەڕێتەوە، کە ڕابەری بزوتنەوەکە ناوی (شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە) بووە لە ناوچەی سەرگەڵوو نیشتەجێ بوون، دوای کۆچی خۆشی، براکەی ڕابەری بزووتنەوەکەی گرتووەتە دەست بە ناوی(مامە ڕەزا)، ئەم بزوتنەوەیە لەبۆنە ئایینی و کۆمەڵایەتییەکاندا ڕێورەسم و عادات و تەقالیدی تایبەت بە خۆیان هەبووە.